### ئەدەبی بەراوردکاری

# لەگەڵێکەوە بۆگەڵێکی تر

# ڕێبوار سیوەیلی وەکو نمونە

***زاناسامان***

***پێش دەستپێك/***

**دەبێت پێش هەر باس‌و قسەو شرۆڤەو بەراودکاییەك، راشکاوانە پەی بەو جوانیە ببەین کە کاتێك لەلایەن شاعیر(ڕێوار سیوەیلی)و لەساڵی(2000)دا قەسیدەیەکی تا باسکرێت بە چێژو ورووژێنەر چووەکایەی بلاّوکردنەوەیەکی پڕ فرۆشیەوە، ئەویش قەسیدە پڕجۆش‌و جوانیەکە بوو بەناوی(زمانی عەشق‌و زەمەنی ئەنفال)، بۆیە دەبێت بەر لە هەر شتێك بەخودی خوێنەران بلێم کە: مەبەستی منی رەخنەگر لەم بابەتەدا کارێك نیە بۆ لەدەق کەمکردنەوەی ئیشەکەی ڕێبوار، بەڵك‌و خستنە ڕووی جۆرێکە لە ئیشکردنەکانی نێو بواری ئەدەبیات، نەك هەر بەتەنها میلەتی کورد بەڵکو ئەم ئیشکردنەی من، تەواوی ئەدەبیات‌و زمانە جوداکانی جیهان کاریان لەسەر کردووە، بەلاّم دەبێت ئەوەش لەیاد نەکەین کە فەرەنسیەکان یەکەمین ولاّت بوون توانیان (ئەدەبی بەراوردکاری)بدۆزنەوەو بەسەرجەم جیهانی بناسێنن.**

*دەستپێك/*

ئەدەبی بەراوردکاری بۆزیاتر ناساندن‌و خستنە رووی ئەو کارانەیە کە دەکەوێتە نێو شرۆڤەی دنیابینیەوەو لەو ڕێگەیەوە بەرەو بە گرنگیچوونی کاردن دەچێت،دیارە لێرەدا کەباس لە کارکردن دەکەین مەبەست لەوەیە کە ئیشە ئەدەبیە جۆارجۆرەکان هێندەی تر بەرەو قولاّیی ئیستاتیکا بباتو رەمزیەتی ناساندنی پێ بناسێنێت لەمیانەی کارەکەی کە کراوە.

بابەتی ئەم جارەم کەبریتیە لە لێکۆلێنەوەی بەراودکاری‌و تێیدا هۆکاری بەریەك کەوتن‌و سودوەرگری دەبێتە فاکتەرێك لەو ئیشە نمونەییەی کەکراوەو پاشان لەلایەن نوسەری ناسراو(ڕێبوار سیوەیلی)یەوە بەجۆرێك‌و شێوەیەکی تر کاری لەسەر کراوەتەوە، ئەویش دەقێکی شاعیری سوری(محەمەد ماغود)ە، کەوا ڕێبوار لەو قەسیدەیەی خۆیدا زۆر سودی لێوەرگرتووەو بەشێوەیەکی تر لە ئیشەکەیدا کوردانویەتی، بەلاّم دەبێت ئەوەش لەیاد نەکەین کە ئەو کارەی ڕێبوار کردوویەتی بەپێی قسە لەسەرکەرانی سەرجەم جیهان ناچێتە خانەی دزینەوە، بەڵکو کارێکی سوود وەرگرتنەوو سەر لەنوێ ئیشکردنەوەیەکی زمانەوانیە لەسەر دەقی یەکەمی ئەوی ئەدەبی دراوسێ

لەیەکێك لە دەقە ناوازەو بەناوبانگەکەنی(ماغود)ا هاتووەو دەڵێت:

*خۆشیەکان بەرن/ غەمەکان جێبێڵن بۆمن/ تۆپە شکێنەرەکان بەرن/ قەوانە بەتاڵەکان بۆمن/ دەریاکان بەرن/ لمی دەریاکان بۆمن/ شەمەندەفەرەکان بەرن/ دوکەڵ بۆمن/ دۆلاّبەکانی بەخت بەرن/ کاغەزەکانی دۆران بۆمن/ شانۆ سیخناخاکان بەرن/ پەردەکان بۆمن/ نامەکانی خۆشەویستی بەرن/ زەرفە بەتاڵەکان بۆمن/ هتد...*

دیارە ئەوەی کە قەسیدەی(زمانی عەشق‌و زەمەنی ئەنفال)ی خوێندبێتوە راستەوخۆ بەر ئەو لێکچوونە یەکانگیرییە دەکەوێت‌و تووشی نائالۆزیەکی لە رادەبەدەری دەکات‌و دوورنیە کە خودی (ڕێبوار) بە دز ناوزەند بکرێت، بەلاّم پێم باشە بەتەواوی خوێنەران‌و عاشقانی شیعرەکانی (ڕێبوار) بلێم: کە ئەم شێوە کارانە یەکێکە لەو کارە هەنوکەییانەی کە ئەدەبی ولاّتەکەمان بەرەو پێش دەبات‌و دیارە ئەمەش قسەی خۆم نیە تا لەخۆرا بیلێم‌و شرۆڤەیەکی ئەوتۆم بۆی نەبێت، بەولکو تەواوی رەخنەگرانی بواری بەراوردکاری فەرەنسا، هاویەکن لەگەڵ ئەوەی کە ئەو شێوە کارانەو بەتایبەتی ولاّتە هەژارەکان لەبواری ئەدەبیاتدا کارێکە بۆ بەرەو پێشچوونی ڕەوتەکەیان‌و دەکرێت لە یەکێك لەگۆشە مەعریفەیەکانی ئەدەبیاتدا بەداهێنان ناوزەند بکرێت.

وەك لەپێشتردا نمونەیەکم لە وێنەیەکی (ماغود) هێنایەوەو بەپێی تێگەیشتنی خۆم باسێکم لێوەکرد، ئێستاش نۆبەتی ئەوەیە کە چەند دێرێك لە وێنە شیعرییە هاولێکچووەکەی (ڕێبوار) بهێنمەوە کەدەڵێت:

*تۆ سەماکانت بردەو/ مۆسیقاکانت بەجێهێشت/ باوەشەکانت بردو/ دەستەکانت بەجێهێشت/ ڕووخسارت بردو/ ئاوێنەکانت بەجێهێشت/ گەرماییەکانت*

ئەگەر چی لەم دوو دەقە لێكجوداو جیاوازەدا هاوكێشەیەكی تەواو دێتە ئاراى كاركردنەوە، بەلاّم گرنگترین كار ئەوەیە كە لەدەقی یەكەم كەم نەكاتەوەو بەپێی شارەزایی نوسەری دووەم كار لەسەر دەقی یەكەمی بێگانەیی بكرێتو مانایەكو كێشەیەكی دەروونی تر بكاتە نێو ئەدەبیاتەكەی خۆیەوەو نیمچە داهێنانێكی راستەوخۆییانە بەسەر ئەدەبە یەك زمانەوانیەكەی خۆیدا بسەپێنێت.

چونكە تەواوی ئەم كارانە، پەیوەندیەكی هاویەكی لەنێوان ئەدەبێك بۆ ئەدەبێكی تر دێنێتە ئاراى قسە لەسەركردنەوەو لەگەلێكەوە بۆگەلێكی دیكە مێژوویەكی ئەدەبی تایبەتی بە كارە لێكچووەكان دەدات.

بەلاّم گرنگترین هۆكار بۆ قسە لەسەركردنی ئەو شێوە كارانە، ئەوەیە كە ئەدەبی بەراوردكاری بریتی بێت لە توێژینەوەیەكی ئەدەبی نەتەوەیی كە كار بۆ بەمێژوویكردنی كاری دووەم بكات لەگەلّ كاری یەكەمدا.

ئەوەی كە پێویستە زۆر بە وردی شرۆڤەی لەسەر بكەین ئەوەیە كە دەبێت لەم كارە رەخنەییەدا ، ئەوە لێك بدەینەوە كە ئاخۆ نوسەری دووەم لەم دەقەیدا كە بەر ئەو شێوە كارە كەوتووە، كە لە ئێستادا بۆتە كاری رەخنەی ئەدەبی بەراوردكاریو منی رەخنەگری تووشی نا سەغلەتی كردووەو كاری بۆ دەكەم.

ئایە ئەو هۆكارانە چیبووە كە وایكردووە شاعیر تووشی ئەو بەریەكەوتنە بەكوێتو دووبارە لەكارە نوێیەكەیدا ئیشی لەسەر بكاتەوە، هەلّبەت ئەوێش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو كارەی كە لە دەروونیدا تووشی ناتەبایی دەكات.

بۆ نمونە كاتێك شاعیر بەر حالّەتێك دەكەوێت كە هەرگیز لەو بڕوایەدا نەبووبێت، ببێتە هۆكاری ئەو ئیشكردنەی، بەلاّم ژیان زۆر لەوە سەریترو ئالۆزترە كە بەریدەكەوین، هەر بۆیە پێویسترین باس ئەوەیە كە بێلّێن: سیوەیلی بەهۆی ئەو عەشقەی كە دواجار لەژیانیدا كەلێنێك دروست دەكات، بۆیە ناچارە لەوبارەیەوە قەسیدەیەكی وەكو(زمانی عەشقو زەمەنی ئەنفال) بنوسێو هاوكات بەهۆی ئەوەی كە خودی ئەو عەشقەی كە هەیبووە یەكسانە بە ئەنفالێك كە یەكانگیریەكی هاوشێوە لە نێوانیاندا دێتە ئاراى لێكچوونەوەو كارێكی وەك ئەم بە زەیندا هاتنەوەیەی لێ پەیدا دەبێتو ئلوێتە بە دەقەكەی دەبێت، بەلاّم موهیمیەتی سیوەیلی لەوەدا بووە كە توانییەتی گونجاندن لەو دوو ریتمە شیعرییە هاوكێشەیەدا دروست بكاتو پێكەوەیان بلكێنێت، بەوەی كە ووشەی (من)ەكەی شاعیری سوری(محەمەد ماغود)بۆ دەست نەبردن لە دەق كەمكردنەوە بهێلّێتەوە، بەوەی كە ئیشكردن لەهەر دەقێكی بێگانەییدا دەبێت كارێك بكرێت كە قورسایی یاخود لە سەنگی دەقی یەكەمی بێگانەكە كەمنەكرێتەوەو بەشی ئەوەی تێدا بهێلرێتەوە كە جوانیەكان لەكەلێنی نەزانیدا بشارێنەوە